# هەڵبژاردن یان فریوکاری

ب ئەردەڵان

هەڵبژاردنی دەورەی هەشتەمی مەجلیس لە ئێران رۆژی ٢٤ی رەشەممە بەرێوەدەچێت. ئەو بە ناو هەڵبژاردنە بۆ مەجلیس وەکوو باقی هەڵبژاردنەکانی دیکەی سەرۆك کۆماری و هتد.. تەنیا بۆ راکێشانی خەڵك بۆ بەردەم سندووقەکانی دەنگدانە و جیاواز لەوە فرِی بەسەر هەڵبژاردنی دیموکراتیك و مەشروع کە لە سیستەمی بەرێوەبەری و قانوندانانی فرە لایەنەوەیە نییە. هەڵبژاردن بە مانانی گۆران و بزووتنی هێزی سیاسی کۆمەڵگایە. بەڵام لە وەڵاتە دیکتاتۆر لێدراوەکاندا ئەو سیستەمە تەنیا بە مەبەستی بەلارێدابردن و شێواندنی بیری سیاسی خەڵکە. ئەگەر لە ئێران هەڵبژاردن و دیموکراسی هەیە، وەلی فەقیە بۆ؟ یان ئەگەر وەلی فەقیە هەیە هەڵبژاردن بە مانای چی؟

بە پێی ساختاری سیاسی یاسای بنەرەتی رژیمی ئاخوندی، هێزی سەرەکی لەئێران لەدەست وەلی فەقیە و باقی ئورگانەکانی لەژێر دەسەڵاتی ناوبراو دایە و هیچ کام لەدامەزراوەکانی دیکەی وەکوو خێبرەگانی رێبەری کە بە پێی یاسای بنەرەتی وەلی فەقیە لە ژێر دەسەڵاتی دایە، لەو پێوەندییە دا نەخشێکی نەبووە و نییە. نەخشێکی کە هەیبووە تەنیا دیاری کردنی خامنەیی لە دوای مردنی خومینی بوو بۆ پۆستی وەلی فەقیە کە ئەوەش لەراستیدا خۆڵ کردنە چاوی خەڵك بوو، چونکە دەمێك بوو خومەینی خامنەیی لەجێگەی خۆی دانابوو. لە ناو ئورگانەکانی خیبرەگان و شورای نیگەهبان و چاودێری ئیستسوابیدا، شورای نیگەهبان کە وەکوو چاودێر بەسەر هەڵبژاردن دا دەروانێ، فلتێرێکی بە تەواو مانایە کە ئەوە ناوەرۆك و شکڵی هەڵبژاردنی بە تەواوی گۆریوە و بە هاتنی ناوی ئەو جۆرە چاودێرە هیچ مەشروعیەتێك بۆ هەڵبژاردن نامێنێتەوە.

وەزارەتی ناوخۆش کە وەکوو بەرێوەبەری هەڵبژاردن و هەروەها شورای نیگاهبان وەکوو چاودێر، لەخاڵی ٩٩ی یاسای بنەرەتی رژیمدا لەبارەیانەوە هاتووە: کە شورای نیگاهبان چاودێرە بەسەر هەڵبژاردنی مەجلیسی خێبرەگانی رێبەری، سەرۆکایەتی وەڵات و مەجلیسی شورای ئیسلامی و پێراگەیشتن بە دەنگی گشتی خەڵك و راپرسیەکانی وەئەستۆیە. شورای نیگاهبان کە راگر و کۆڵەکەی یاسای بنەرەتی رژیمە چاودێری خۆی بەسەر هەڵبژاردنی "ئیستسوابی" یان داخوازی باشتر بە ناو، دەسەپێنێ. بەو پێیە ئەو شورایە لەپەسەند کردن یان رەدکردنەوەی پالاوتەکان و هەروەها ئاکام و هەڵوەشانەوەی هەڵبژاردن خۆی بە کوێخا دەزانێ. شورای نیگاهبان سەڵاحیەتی کەسانێك قەبووڵ دەکات کە بە رژیمی ئاخوندی وەفادار بن. بە شی کردنەوەی چۆنیەتی هەڵبژاردن لە نیزامی ئاخوندیدا، هیچ گومانێك نامێنێ کە هەڵبژاردن لەو سیستەمە دەسەڵاتداریەتیە دا هیچ مانا و ناوەرۆکێکی نامێنێ، بێجگە لەسیاسەتێکی پۆپۆلیستانە و فریودەرانە. بەو پێیەی کە رژیمی ئێران یەکێك لەواژۆگەرانی مەنشووری کۆبوونەوەی شورای یەکێتی نێو کۆبوونەوەکانە لەرێکەوتی ٢٦ مارسی ١٩٩٤ کە بە پێی ئەوە وەڵاتانی واژۆگەر ئەبێ بە پێی بەڵێنەکانی خۆیان لە مافی نێودەوڵەتی، مافەوانی و چوارچێوەی بناغەدانەرانە بۆ هەڵبژاردنی دەورەیی، راست و ئازاد و بێ پەڵە بجولێنەوە، کە یەکێك لەو کارانە رێگە خۆشکردن بۆ پێکهاتە و هەڵسورانی حیزبە سیاسیەکانە. یەکێکی دیکە لەبەڵێنە نێونەتەوەییەکانی رژیمی ئێران ریعایەت کردنی مادەی ٢١ی راگەیاندنی جیهانی جارنامەی مافی مرۆڤە و هەروەها مادەی ٢٥ی رێکەوتنی مافی مەدەنی و سیاسیە کە بە پێی ئەوە هەر هاوولاتییێك مافی ئەوەی هەیە بێ هەر جۆرە جیاوازییێك و لەگەڵ هەل و مەرجی لەبار و بەرانبەر و بە پێی یاسای روون بۆ بەدەستەوە گرتنی هەر کارێك، یەك لەوان ببێتە نوێنەری مەجلیس. رژیمی ئێران نەك هیچ کام لەو بەڵێنی و مادانەی جێ بە جێ نەکردووە و ناشی کا، بەڵکو ئەو رێکەوتن و واژۆ نێونەتەوەییانەی کردۆتە چەکێکی بەکار بۆ پێخۆست کردنی مافی هەر ئێرانیێك و لەهەموو یاسا و عورفێکی نێودەوڵەتی بەری کردوون.

لەرۆژی شەممە ١٥ی بەفرانباروە ناونوسین بۆ خۆپالاوتەکان دەستی پێکرد، بێ گومان ئەوەی کە مۆرەی سەرەکی رژیم بێ و لەیەکێك لەدەزگا ئەمنیەتی و زانیاری و ئورگانەکانی رژیمدا کار و هەڵسورانی بووبێ ئەوا دەچێتە ریزی خۆپالاوتووان بۆ نوێنەری مەجلیسی رژیم وئەوەی کە بیرێکی ئازادی هەبێ و سەربەخۆ بێ، بێ شك لە فلتێری ئەو گشتە شورا و چاودێرە دەرناچێ، کەوایە ئەو جۆرە هەڵبژاردنە نەك هەڵبژاردنی واقعی و دیموکراتیك نییە، بەڵکو شانۆگەرییێکە کە رژیم رێکیخستووە بۆ چاوبەستنی خەڵك و نیشان دانی سیمای خۆی بە دەرەوە وەك وەڵاتێکی ئازاد و دیموکراتیك.

پێکهاتە و ئورگانە جیاوازەکانی راگری رژیم پێکهاتووە لە سوننەت گەراکان کە لەکۆمەڵەی بەناو روحانیەتی خەباتکار و جامیعەی مودەریسینی حەوزەی عیلمیەی قوم و حیزبی موئتەلەفەی ئیسلامی و کۆمەڵەی ئیسلامی موهەندسین و تاقمی ئاوەدانکەرەوان و کۆگای خۆبەخشان و حیزبوولَلا و لاگیرانی ئەو پاسدار و ئەو پاسدار، خۆی دەبینێتەوە لەگەڵ چاکسازانی بەناو هێڵی رێفورمی سەروە سەید خەندان (خاتمی) رەوتی ٢ی جۆزەردان وەکوو بەرەی بەشداران و حیزبی کارگوزاران و سازمانی بەناو موجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی کە ئەو دوو باڵ و بەرەیە یەك شتن و تێکرا دیاری کراو و مۆرەی گرینگی رژێمن و مشتوومڕ و شانۆگەرییێکی ساختەیان دروست کردووە و بۆ ئەوەی وانیشان بدەن کە ئازادی ئەحزابی سیاسی و بیری جیاواز هەیە دەستیان داوەتە پروپاگەندە کە هەموو شیعارەکانیان یەکێکە و بێجگە لە وەفاداری بۆ رژیمی ئاخوندی و گەرانەوە بۆ هێڵی ئیمام شتێکی نوێ و تازەی لێ نەبیندراوە و نابیندرێ. بەدەرکەوتن و روون بوونەوەی ناوەرۆکی هەڵبژاردن لە رژیمی ئاخوندی دا لەسەر هەر تاکێکی ئازادیخواز پێویستە هەر جۆرە هەڵبژاردنێك لە ئێستای ئێران بایکۆت بکات. بێ گومان ئەگەر هەڵبژاردن لەئێرانی ئەمرۆدا تەحریم نەکرێت و خەڵك بچنە سەر سندووقەکانی دەنگ دان ئەوە رژیم توانیوێتی فریویان دا و ئازادی و رزگاری خەڵکانی ئێران زیاتر وەدوا دەکەوێت.

# گەلی کورد لەناو ئەو وەڵاتەی کە ناوی نراوە تورکیا

میللەتی کورد لەو نیشتمانەی کە ئێستێ لێی دەژین و لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی تورکیەدایە لە ٢٧٠٠ ساڵ لەمەوبەرەوە لەوێ دەژین، بەڵام رەگەزی تورك لەچەرخی یازدەی زایینی دا بە پەرت و بڵاوی بە ناوی سەلجوقی کەوتوونەتە ناو ئاسیای بچووك لە ٦٠٠ی کۆچی مانگی دا چەند هەزار خێزانێك بەرەو شام بەرێ بوون بۆ پشتیوانی جەنگی موسوڵمانان لەگەڵ خاچپەرستاندا، رێیان نەبوو بگەنە جێگەی جەنگەکە لایان دا بۆ ئەناتۆلی و هەزار خێزانیان گەرانەوە بۆ نیشتمانەکەی خۆیان و ئەوەکانی تر مانەوە. لە ٦٣٠ی کۆچی مانگی دا حکوومەتێکی بچکۆلەیان دامەزراند کە دوایی بە حکوومەتی عوسمانی ناوی دەرکرد. رێبەری ئەو حکوومەتە وەك رێبەری حکوومەتەکانی وەڵاتە ئیسلامیەکان تابیع بوون بە خەلیفەی عەبباسی لەبەغدا، بە سوڵتان ناو دەبران یان بە ئەمیر. چونکە بە ئیمانی پتەووە دیفاعیان لەئایینی ئیسلام دەکرد و عینوان ئیسلام بوو و بەرنامەیان بەرنامەی ئیسلام بوو، موسلمانان بە کورد و غەیرە کوردەوە ئیتاعەیان دەکردن، چۆنی هەموو عەرەب ئیتاعەی سوڵتان صلاح الدینی ئەیوبیان دەکرد و ناوێك لەرەگەز و رەگەزپەرەستی و شانازی بە رەگەزەوە لەمەیدان دا نەبوو. زمانی رەسمی دەرباری سوڵتانی عوسمانی و حکوومەتەکەی عەرەبی بوو یان فارسی دووهەم زمانی رەسمی لە وەڵاتانی رۆژهەڵات، بوو. بە پێتەختیان دەووت(باب عالی) کە عەرەبیە، یان (آستانە) کە فارسیە و کتێب نووسین و شیعر گووتن هەر بەو دوو زمانە بوون. نزیك بە دوو چەرخ لەمەوبەر هەستی رەگەزایەتی کەوتە دڵی تورکەکانەوە لەسەرەوە هەتا خوار، دوور نییە گەرای رەگەز پەرستی و رەگەزایەتی لە ئوروپاوە گەیشتبێتە دڵ و سەر زمانی تورکان و وردە وردە پێوەند بە ئیسلامەتی بێ هێز بوو، ئەوەش شوێنەواری لەسەر دڵی عەرەبەکان و کوردەکانی ژێردەسەڵاتی عوسمانی دانا. لە لایێك میسری لێ جوێ بۆوە و دژایەتی تورك کەوتە دڵی خوێندەوار و روناکبیرانەوە، لەجەنگی یەکەمی جیهانی دا وەڵاتانی عەرەبی لێ جوێ بۆوە و پشتیوانی گەرمیان لە هێرشبەرانی ئوورووپایی کرد و لەهەموو جێگەیێك دەسەڵاتدارانی تورکیان دەردەکردن، لەبەرامبەردا مستەفا کەماڵ دوای دەرکردنی هێزەکانی یوونان کە گەلی کوردیش بە تەعەسوبی ئیسلامەتی لەو جیهادە دا بەشدار بوون خەلافەتی عوسمانی، یان سەڵتەنەتی عوسمانیی هەڵوەشاند و جمهورییێکی عیلمانی دژ بە ئیسلامی راگەیاند و وەڵاتەکەی ناونا وەڵاتی تورکان (تورکیە) و نزیك ٣٥٠ هەزار کوردی کە لە جیهاد دا پشتیوانی خەلافەتی عوسمانیان کردبوو بە کۆمەڵ کوشت و رایگەیاند کە ئەو وەڵاتە ناوی تورکیەیە و هەموو دانیشتوانی تورکن، لەحالێکدا کە میللەتی کورد لەو وەڵاتە دا کە ئەو بووە رێبەری، ئەو دەمیش و ئێستێش نزیك بە سێ یەکی کوردن. لەبەر ئەوەی کە قسەی مستەفا کەماڵ کە دانیشتوانی ئەو وەڵاتە هەموو تورکن، کوردیان ناونا تورکی کێوی. جەوری زەمان دەسەڵاتدارانی ئەو وەڵاتەی ناچار کرد کە بڵەن بەشێك لە هاونیشتمانانیان کوردن و تورك نین، کوردن و موسڵمانن و رۆژانێك پشتیوانی دەوڵەتی عوسمانیان کردووە. دەوڵەتەکە ئیسلامی بوو بە ئیسلامەتی شانازیی دەکرد، کە مستەفا کەماڵ لەبری خۆی و میللەتە تورکەکە بەرۆکی لەبەر ئیسلام هەڵتەکاند، مەعنایێك بۆ مانەوەی کورد و نیشتمانەکەی لەژێرناوی تورکیە دا نییە، چونکە ئەو وەڵاتە ناوی جوغرافیایی و عەرزیی لەسەر نییە، ناوی رەگەزی لەسەرە کە وابێ جوغرافیای تورکیە لەوجێ دەوێستێ کە نیشتمانی تورکە و تورکی بە زۆرینە لێ دەژین و ئەو نیشتمانەی کوردی لێ دەژین کوردییە و کوردستانە و ئەوەی لێی دەژین کوردن و خاوەن شارستانیەتی کۆنن و کێوی نین. رێکەوت وابوو رووی ئیستعماری ئەو دەم رەش بێ دەنا وەك ئەو گەلە ناتورکانەی سەربەخۆییان دەست دەخست و لەژێر دەسەڵاتی تورك دەرچوون ئاوا گەلی کوردیش سەربەخۆ دەبوو و لە ژێر دەسەڵاتی ئەو بێ ئەمەگانە رزگار دەبوو . جا کە ئێستا ناوی ئەو وەڵاتە تورکیەیە بە هیچ جۆرێك ئەو عینوانە کوردستان ناگرێتەوە کە تازە ئەو وەڵاتە سیاسەتی ئیسلامی تێدا قەدەغەیە و بەرێوبەرانی ناتوانن بە ئاشکرا ئیسلام بن، مانەوەی گەلی کورد و نیشتمانەکەی لەگەڵ ئەوان و نیشتمانەکەیان مانایێکی نییە و نارەوایە. گەلی کورد لە نیشتمانی خۆی دا بە هەزار و حەوسەد ساڵ کۆنترە لەبوونی تورك لەئاسیای بچووك دا.

دڵنیا بن کە چۆن ددانیان نا بە بوونی کورد لەو چوارچێوە جوغرافیایە دا و قسەکەی مستەفا کەماڵیان بەدرۆ خستەوە ئاوا ناچار دەبن ددان بە هەموو حەقێکی گەلی کورد لەو نیشمانەی خۆیان دابنێن.

# پەروەردەی منداڵ و کارایی ژینگە لە سەر منداڵ

کاوە امینی



ئەم لایەنەی پەرورده بە دوو فاکتەری سەرەکی گرێدراوە، کە لە لایێك پێوەندی بە ژیانی منداڵ لە ناوبنەماڵەکەی هەیە لەلاییێکی دیکە پێوەندی بەوکاتە هەیە کە منداڵ لە قوتابخانە بۆ فێر بوون بە سەری ئەبات. ئەگەر ئەم دووفاکتەرە سەرەکیانە بە باشی و شیاویی بەرێوە بچن، پێداویستی بۆ رەوتەکانی دیکە کەم دەبێتەوە، بە واتاییێکی ئەگەر ئەو دوولایەنەی ژیانی منداڵ بەباشی بەرێوە بچن، منداڵ لە باری جە ستەیی بە هۆێ گرفتی دەروونی بە گشتی، بە رێکەوت ئەگەری توش بوونی تەنگ و چەڵەمەی لە ژیانی لاوی و گەورە ساڵی بۆ دروست دەبێت .

یەکێك لە بنەرەتەکانی سەرکی پەروردەی منداڵ و گەشەکردنی جەستەیی و فیکریی کە لە خۆشەویستی بێ گومان و بێ قەید و شەرتی دایك و باوکیان و بەرپرسانی ژیانی بنەماڵەوە سەر چاوە دەگرێت. مانای خۆشەویستی لە روانگەی پەروردەوە"پێداگۆگیك" بریێتی یە لە گشت کۆی هەموو لایەنە باش و پۆزیتیڤەکانی هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵ کە ئەم ئامانجەش تەنیا بە مەبەستی شیاوکردنی ژیانی منداڵ بێتە ئاراوە و هەڵسوکەوتی پێ بکرێت ئەم خۆشەویستی یە دایك و باوك پێویستە لە هەر چەشنە چوارچێوە دانان وشەرت و مەرجێکی خۆشەویستی لە بەرانبەر خۆشەویستی بە دووربێت، و لە هەمان کات پێویستە ویستی دایك و باوك بۆ باشی ژیانی منداڵ و کارامە یی یان بۆ ئەم مەبەستە بەردەوام پڕ ئەزموون تر کەن.

ئەم خۆشەویستی یە بەو مانایەنی یە کە منداڵ بەشێوەیێکی بەردەوام لە ئارادا بێت، تەنانت ئەگەر منداڵ نەگونجاو و ناشیاویش هەڵسووکەوت بکات، نابێت هەست بەکەم بوونەوەی خۆشەویستی دایك و باوك و یان کەس و کاری بکات.

پە روەردەی خۆشەویستیانە بێ شەرت و مەرجە و لە هەمان کات دا رێنوێنی، لێهاتوویی، بەرێوەبەریی، و پێوە ندیی دایك و باوك دەکاتە ئامانجی پەروەردەی زانستی بۆ باشتر ژیانی منداڵ. دیارە ئەم لایەنەش پێوەندیی بەرەوتە کۆمەڵایەتیەکان و یاساو رێساکانی ناو کۆمەڵگا هەیە، کە ئەم لایەنەش دەکرێ و پێویستە بە شێوەی گونجاو هەڵسەنگێندری و بە راوردی لەسەر بکرێت. لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە ئەو خۆشەویستی یە نابێت بەشێوەیێك بێت کە منداڵ ئەوەندە ژیانی بە دایك و باوکیەوە پێوەندیدار بێت، کە ئیرادەی هەر چەشنە سەر بەخۆیی و تاقی کردنەوە و هەڵسەنگاندی شیاو لە نە شیاو بۆ بەرێوەبەری و ژیانی داهاتووی بەشێوەی خۆ ویست تان ئەوجۆرەی دەی هە وێت. لێ بەر بەست بکات.

نزیکی و هەستی دڵنیا بوونی منداڵ کلیلی پەروەردەیێکی سالمە. نە هۆی پێوەندی نزیك لە نێوان منداڵ و سەرپەرشتکارانی بنەماڵەیی لە تەمەنی ساوایی دا، بنەڕەتی خۆناسینی منداڵ و پێوەندی بە دایك و باوکی و جیهانی دەرەوەی دائەمەزرێت. ئەم باوەڕ بە خۆ بوون و باوڕ کردنە بە سەرپەرشتکارانی بنەماڵەیی ئەبێتە رێبازێکی درێژخایان لە گەشەو پێشکەوتنی منداڵ. لەم قەناغەدا منداڵ پێویستی بە پێوەندی گەلێك هەیە کە گەرمی هەستی دڵسوزی و خۆشەویستی بنەماڵەیی بۆ دروست کات. و ئەم پێوەندیە نزیکەی دایك و باوك بۆ منداڵ هەستی پارێزراوی لە لای منداڵەکە دروست ئەکات. هەندێ جار لەوانەیە منداڵەکە لەکەس و کاری بەپرسێت ، ئایا ئەوان خۆشیان ئەوێت ئەم خۆشەویستی بێ شەرت و مەرجە لەلایەن دایك و باوك یان سەرپەرستە نزیکەکانی منداڵ پێویستە بەردەوام دووپات بکرێتەوە. ئەمەش بەو شێوە دە کرێت کە گرنگی زۆر جیددی بە منداڵ بدرێت لەکاتی قسەکردن و ئاخەفتنی دا و هەروها هەست بە نزێکی باوك و داێکی بە شێوەی کرداری بکات. هەروها لە ڕادەی شیاو دوور لە زیادە ڕەوی باوەش کردن و هەستی نزیکی منداڵ بە دایك و باوك پێویستە. هەروها سەرنجدان بە منداڵ لەکاتی قسە کردنی، بەشێوەیێك چاو لە چاو منداڵ بکرێت و دایك و باوك دمچاوێکی گەش و بەشاش پیشانی منداڵەکەیان بدەن، زۆر کاریگەری دەبێت، نەك ئەوەی بە تۆرە و تۆسنی و بێ حەوسەڵەیی گوێ بۆ قسە منداڵ بگیرێت. ئەگەر وا بکرێت، ئەوا منداڵەکە هەست دەکات کە گرنگی پێنادرێت و ئەویش بە هەمان شێوە فێری گرژی و تۆرە و تۆسنی لە دایك و باوك و کەسانێ پەروردەی دەکەن دەبێت.

منداڵ لە دەربڕینی هە ست و ئیحساسیەتی موختار نی یە، بەڵام ئەتوانی فێری کات و چۆن دەربڕینی هەست و ئیحساسی بێت. ئەمەش ئەوکات دێتە ئاراوەکە باوەڕی بە خۆی هەبێت یان لە لایەن باوك و دایك یان کەسانی نزیك و دڵسوزی، ئەو لایەنە دەرفەتی گەشەکردنی پێ بدرێت. لەم حاڵەتەدا پێویستە هەم لە باری چەندایەتی و چۆنایەتی هەستی منداڵ بە وەردی سە رنج بدرێت و دایك و باوك بەراوردی شوێن و هەل ومەرج و هۆی دەربڕێنی هەستی منداڵ بکەن. ئەم لایەنەش پێوەندی چۆنایەتی دەربڕێنی هە ستی منداڵ هەیە، جا ئەگەر ئەم هەستانە پۆزێتیف بێت یان نەگاتیف پێویستە لەلایەن دایك و باوك بەوردی هەڵسنگاندنیان لە سەربکرێت هەروها پێویستە منداڵ کەم تەرخەمی لەگەڵ نەکرێت لەمەڕ ئەو لایەنانەی ئیحساسی یە پڕمەترسییانەی کە ئازاری ئەدات. بۆ نمونە ترس و شڵەژان شتی خەیاڵی و نەبیندراو، تۆڕەیی و هێرش کردن. شوێنی ژیان واتە ژیانی بنەماڵەیی پێویستە وابێت کە منداڵ هەست بە دڵنیایی و پارێزراویی بکات. نەك ئەوی ماڵەوەشی بۆ بە بێتە شوێنیکی نادڵنیا و پڕمەترسی. ئەگەر لە ماڵەوە منداڵ لەوێ بە سەر تەنگ و چەڵەمە و ناکۆکەکانی دنیای دەرەوەی ماڵەوە زاڵ بێت. کە ئەم لایەنە بە هۆی بایەخ و دڵسوزی ڕاستەقینەی کەس و کار دێتە ئاکام نەك کەم بایەخی و تۆڕەیی و ئازاردانی منداڵ لە باری دەروونی و جەستەیی یەوە و پێویستە هاوکات گرینگی پەروەردەیی لە بەر چاوبگیرێ.